# چووار شیلك

## ئیسماعیل خورمالیٚ

xurmaly@yahoo.de

## ( 1 )   خاوبوونەوە

ئەو دەمانەی ماچ دەمگریٚ و
ئیتر بەکولٚ وەکو منالٚ
بەردەبمەهەڵاڵەی دار چووالەی گیانت و
ڕن ڕن.. ڕن ڕن گوڵی گیانت دەڕنم
تورە مەبەباوانەکەم خۆت دەزانی
چەن حەزم لەخاوبوونەوەی باوەشیٚکە
لە خیٚرایی زەمەنیٚکدا
بۆنی قژ و
بۆنی مل و
بۆنی گشت بەرزاییەکانی
لەشی کچیٚ دامبپۆشیٚ
دامبپۆشیٚ

## ( 2) ڕژان...

پێت سەیر نەبێ..سەرەتای گشت دانیشتنێ
ئەم کوڕە بزێوەی هاوڕێت..
بەچاو گاز لەگییانت دەگرێ و
بێ دەنگانەش بەخۆی دەڵێ
خووایە ماڵت پڕ لە نوور بێ چیت کردوووە
ئاوێنەش نیە کەچی ئەو
چ شەوقێ لە گۆشتی دەڕژێ

## ( 3 ) تێکەڵ بوون...

من دەزانم ...هەر کە سۆنەی ئەم ئەنگوستە شێتۆکانەم
دەگەنە ناو چیمەن و گوێ ئاوی گیانت
ئیتر گوڵم ..چۆن یەك پارچە دەبن بە گڕ
لەبەد بەختیش ..ئەی سێوە کچ
وەها خۆتان نیشان دەدەن
ڕقتان ..ڕقتان لە ڕووتبوونەوە و
لە جۆلانە و ڕقتان لە بارانی ماچە
بەڵام بوڵام ئەی سێوە کچ
کەس وەکو من لە ڕۆمانی ئاگرەکانت حاڵی نابێ
کەسیش وەك من لەباخەکانی لەزەتدا بزر نابێ

## ( 4 ) جاران...

کچێ بە خووا
ماوەیەکە پەرێشانی زەمەنێکم
ئەها جاران ئەها جاران
لەودیو هەوری کراسە ڕەشەکەتەوە
دەمڕووانیە ڕۆژی لەشت
ئەها جاران بەغیلیم بە وقردێلەیە دەبرد
لەمن زیباتر لەگەڵتا بوو
ئەها جاران دەمم دەنا بە گیانتەوە و
دەمم پر دەبوو لە نوقل
ئەها جاران ئەها جاران

جۆزەردانی1994/سلێمانی